# شکاندنی بێدەنگی،زۆرینەی ژنان قوربانی خەتەنەکردنی مێینەن

ئالا لەتیف

لەگەڵ تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر راگەیاندنی )هەڵمەتی دە ساڵ بۆ سفرکردنەوەی خەتەنە لەهەموو جیهاندا (لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، هێشتا لەهەرێمی کوردستانی عێراق، خەتەنەکردن بەردەوامە. هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەفەرمی دانی نەناوە بەمەترسی بەرزی رێژەی خەتەنەکردن لەهەرێمدا.

توێژینەوەیەکی ئەزموونی کە لەلایەن رێکخراوی وادی ئەڵمانییەوە ئەنجامدراوە، لەژێر ناونیشانی »خەتەنەکردنی مێینە لەکوردستانی عێراقدا»، نیشانی دەدات، کە دیاردەی خەتەنەکردن لەناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە، هەرەها رێژەو هۆکارە پاڵنەرەکانی پشتی ئەو دیاردەیەش، لەنێو پارێزگاکانی هەرێمدا جیاوازن.

## رێژەی خەتەنەکردن لەهەرێمی کوردستان

توێژینەوە ئەزموونییەکەی رێکخراوی وادی ئەڵمانی، کە دوێنێ شەممە لەهۆڵی ئوتێل چوارچرا لەشاری هەولێر خرایەڕوو، تێیدا رێژەی گشتی خەتەنەکردنی مێینە لەهەرێمی کوردستان، بەبێ پارێزگای دهۆک، گەیشتووەتە ٧.٧٢%، بەو پێیەش رێژەیە زۆرترە لەوەی پێشتر پێشبینی لێوەکراوە رێژەی ٦٠% بێت.

بەپێی تۆژینەوەکە، پارێزگای هەولێر، بەبەراورد لەگەلڕ پارێزگاکانی تردا، رێژەکە گەیشتووەتە ٦٣%، هەرچی پارێزگای سلێمانییە رێژەکە دەگاتە ٩.٧٧%، لەناوچەی گەرمیانو کەرکوکی نوێش دەگاتە ٢.٨١%توێژینەوەکە، ئەوەی خستووەتەڕوو، کە لەنێوان کچانی خوار تەمەنی ٢٠ ساڵیدا، رێژەی خەتەنەکردن ٥٧%ەو لەنێوان تەمەنی ٣٠ تا ٣٩ساڵدا ٨.٧٣%و رێژەکە لەئافرەتانی سەرو ٨٠ ساڵدا رێژەکە دەگاتە ٧.٩٥%هەروەها جیاوازی تر لەنێوان ناوچەکاندا دەبینرێت. بۆ نموونە لەگەرمیانو کەرکوکی تازەدا رێژەی ئەوانەی سەرو ٦٠ ساڵییەوەنو خەتەنەکراون ئەگاتە ١٠٠% بەڵام لەهەولێر تەنیا ٨.٦٥%ە.

## خەتەنەکردن، لەشارەوە بۆ لادێ

تێڕوانینی زۆرینەی خەڵک بۆ رێژەی خەتەنە، لە لادێ وە بۆ شار جیاوازە، چونکە پێشبینی دەکەن، بەهۆی کاریگەری ئاستی وشیاریو خوێندەواری خەڵکی شارەوە، رێژەکە لە لادێ دا بەرزتر بێت وەک لەشار، بەڵام راپۆرتەکە ئاماژە بەوەدەکات کە ئەنجامەکانی راپرسییەکە ئەو گریمانەیە پشتراستناکاتەوە.
بەپێی ئەو راپۆرتە، بەپێچەوانەوەی تێڕوانینی زۆرینەی خەڵکەوە، ئەو رێژانەی کە لەلادێکاندا بەدەستهاتووە، بەبەراورد لەگەڵ شار، نزمترن.

وەکو لەراپۆرتەکەدا هاتووە «٢.٦٩%ی ئەوانەی وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە لەلادێدا، دەڵێن خەتەنەکراون، بە بەراورد لەگەڵ رێژەی ٤.٦٠%ی ئەوانەی لەشار دەژینو ٨.٧٤%ی ئەوانەی لەشارو شارۆچکەدا دەژین.«

لەبەشێکی تری راپۆرتەکەدا، باس لەوەکراوە «خەتەنەکردن بەلانی کەمەوە، ئەوەندەی لەلادێکاندا باوە، هەر ئەوەندەو بگرە زیاتریش لەشارەکاندا هەیە .«

لە وەڵامی پرسیارێکی راپۆرتەکەدا کە ئایا خەتەنەکردنت بۆ کچ یان کچەکانت کردووە؟، ٧.٣٧%ی ئەو دایکانەی لەلادێکاندا دەژین، ووتویانە بۆ هەموو، یان هەندێک لەکچەکانیان کردووە، بەبەراورد لەگەڵ ٢.٣٤% ئەو ئافرەتانەی لەشاردا دەژین.

## جۆرەکانی خەتەنە

توێژینەوەکە، جۆرەکانی خەتەنەکردنی مێینە بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکات، کە جۆری یەکەم: لێکردنەوەی قیتکە، جۆری دووەم :لێکردنەوەی قیتکەو بەشی ناوەوەی کۆئەندامی زاووزێ، جۆری سێیەم: قیتکەو بەشی ناوەوەو دەرەوەی کۆئەندامی زاووزێ.

راپۆرتەکە لەمبارەیەوە نووسیوویەتی »جیاوازییەکی گەورە هەیە لەڕێژەی بەربڵاوی ئەم جۆرانە لەنێوان پارێزگاکانداهەیە، لەگەرمیانو کەرکوکی نوێدا زۆرترین بەشی کۆئەندامی زاووزێی ئافرەتان لێدەکرێتەوە، بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان.»

هەروەها نمونەی هێناوەتەوەو هاتووە »٧.٤٢%ی ئافرەتانی گەرمیانو کەرکوکی نوێ وتویانە جۆری دووەمی خەتەنەکردنیان بۆ ئەنجامدراوە، بەڵام لەسلێمانیو هەولێردا، ئەو جۆرە تەنیا لەنێوان شاری هەولێرو پشدەر (رانیە_قەڵادزێ) ئەنجامدراوە.»لەبارەی جۆری سێیەمی خەتەنەکردنەوە، راپۆرتەکە رونیکردووەتەوە، ئەو جۆرە تەنیا لەناوچەکانی گەرمیانو کەرکوکی نوێدا هەیەو ٩.٢٣%ی ئافرەتانی ئەو ناوچانە لەو جۆرە خەتەنەکردنەیان بۆ ئەنجامدراوە.

## شوێنی ئەنجامدانی پرۆسەی خەتەنەکردنەکان

سەبارەت بەو شوێنانەی پرۆسەی خەتەنەکردنەکانی تێدا ئەنجامدراوە، راپۆرتەکە نووسیوویەتی «زۆربەی خەتەنەکردنەکان لەناو ماڵی خودی خێزانەکان، یان لەماڵی دراوسێکاندا روویداوە، بۆیە پزیشک یان دەزگای رەسمی لەم پرۆسەیەدا بەشدارنەبوون»

ئامرازەکانی پرۆسەی خەتەنەکردنەکە لەبارەی ئەو ئامرازانەی لەپرۆسەی خەتەنەکردنەکەدا بەکارهاتوون، وەکو لەراپۆرتەکەدا هاتووە »زۆربەی بەشداربووان وتویانە موس بەکارهێنراوە، تەنیا لە١%ی بەشداربووانی ناو راپرسییەکە، وتویانە چەقۆ بەکارهاتووە.»

لەمبارەیەوە، راپۆرتەکە نووسیوویەتی »ئەم یەک دەنگییە لەسەر بەکارهێنانی مووس شتێکی سەرسوڕهێنەرەو مایەی تێڕامانە.»

## ئەنجامدەرانی خەتەنە

راپۆرتەکەی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی، سەبارەت بەو کەسانەی خەتەنەکردنیان ئەنجامداوە، ئەوەی خستووەتەڕوو کە لە٧.٨٠%ی حاڵەتەکانی خەتەنەکردندا، دایکان دەستنیشانکراون، بەوەی ئامادەباشییان کردووە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە.

لەبەشێکی تری راپۆرتەکەدا، ئاماژە بەوەدەکات، کە لەهەولێر داپیرەکان لەهەموو کەسێک زیاتر خەتەنەیان ئەنجامداوەو ڕێژەکەیان گەیشتووەتە ٦.٣٥%، لەسلێمانی ژنی پیر پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە بەڕێژەی ٤١.%

## ئاستی خوێندنو خەتەنەکردن

راپۆرتەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی، کە ڕێژەی خەتەنەکردن لەنێوان ئافرەتانی گەنجدا بە بەراورد بەڕێژەی نەخوێندەواری بەرزەو تەنیا بە ژمارەیەکی زۆر کەم لەئافرەتانی بەتەمەنتر کەمترە، لەگەلڕ ئەوەشدا پەیوەندی نێوان نەخوێندەواریو خەتەنەکرندا، زۆر بەڕوونی نیشاندراوە.

## کارتێکردنی بیرورإی ئاینی

لەبەشێکی راپۆرتەکەدا، هاتووە »نزیکەی ٨.٩٤%ی ئەوانەی بەشدارییان لەراپرسییەکەدا کردووە، ئیسلامی سوننەن، بۆیە بەبێ هیچ دوو دڵییەک، دەتوانین بڵێین سوننەکان ئەنجامدەری سەرەکی خەتەنەکردنو ڕێژەکە لە سوننەکاندا دەگاتە ٤.٧٥»% هاوکات، راپۆرتەکە پەیوەندیی نێوان ئاینی ئیسلامو خەتەنەکردنی مێینە ڕووندەکاتەوەو جەخت لەوەدەکاتەوە »کارتێکردنە گەورەکانی مامۆستاو مەلای ئاینی ئیسلام لەسەر ئەنجامدانی خەتەنە، بەروونی ئاشکرایە.»